# داواکاری بۆ بەرنامەی بروانامەی یەک ساڵەی ئەکادیمیا لە زانستە مرۆییەکان ئێستا کراوەتەوە.

هەموو داواکارییەکان بۆ وەرگرتن دەبێت لە ڕێگەی پلاتفۆرمی ئۆنلاینمان پڕبکرێنەوە. لە ڕێگەی ئەم پۆرتاڵەوە خوێندکاران زانیاری شەخسی دەدەن و بەڵگەنامەی پێویست باردەکەن و فۆڕمی ڕەزامەندی بە شێوەی ئەلیکترۆنی واژۆ دەکەن. پرۆسەکە بە تەواوی ئۆنلاینە و پارێزراوە و دیزاین کراوە بۆ ئەوەی بەرنامەکان سادە و دەستڕاگەیشتوو بن.

## ٠.١ مەرجەکانی قبووڵکردن

بۆ ئەوەی خوێندکاران لەبەرچاو بگیرێن بۆ وەرگرتن، پێویستە لانیکەم بڕوانامەی ئامادەیی (دیپلۆمی دەبیرستان) یان هاوتای هەبێت. لە کاتێکدا بڕوانامەی زیاتری ئەکادیمی یان پیشەیی ناچاری نییە، داواکاران هاندەدرێن کە هەر خوێندنێکی ئاستی باڵا یان ڕاهێنانێکی پەیوەندیداریان هەیە پێشکەشی بکەن. بەرنامەی خوێندن گرینگی دەداتە خوێندکاران و خەباتی مامۆستاکانی و پێویستە داواکاران ئامادەبن کە چالاکانە بەشداری لە دەرسەکان و بەرنامە جۆراوجۆرەکانی ئاکادێمیا بکەن و خۆیان بۆ پەروەردەی ڕەخنەگرانە ئامادە بکەن.

### پێویستی سەرەکی:

- هەبونی دیپلۆمی دەبیرستان یان بروانامەی زانکۆ.
- امادەبوونی چالاک و هاندەربوون بۆ بەرنامەیەکی ناوڕەشتەیی کە خوێندکار و خەباتی زانستی گرینگی سەرەکیان هەیە.

## ٠.٢ سیستەمی تۆمار کردن

تۆمار کردن تەنیا لە ڕێگەی سیستەمی آنلاین ئەنجام دەدرێت. قوتابی پێویستە زانیاری کەسی پڕ بکاتەوە، بەڵگەنامەکان بار بکات و فۆرمی ڕەزامەندی بە شێوەی ئەلیکترۆنی واژۆ بکات.

**لینکی سیستەم:**

https://jinaacademy.embark.com/apply/2025

## ٠٣: بەڵگەنامە پێویستەکان بۆ تۆمارکردن

قوتابیان دەبێت ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە دابین بکەن و لە سەر سایتی ناونووسی باری بکەن بۆ تەواوکردنی داواکارییەکانیان:

- **ناسنامە:** کۆپییەکی ناسنامەی نیشتمانی (کارت ملی)، بڕوانامەی لەدایکبوون، یان پاسپۆرت (کاتی بەسەرچوو نەبێت)
- **بەڵگەنامەی خوێندن:** کۆپی بەرزترین بڕوانامەی خوێندن کە بەدەست هاتووە (کەمترین: بڕوانامەی ئامادەیی-دیپلۆمی دەبیرستان). ئەگەر بڕوانامەی زانکۆتان هەیە دەتوانن ئەویش بار بکەن.
- **وێنە:** یەک وێنەی نوێی پاسپۆرتی، ڕەنگی و سادە.
- **نامەی سەرلێدان:** نووسینێک (١-٢ لاپەڕە) کە تێیدا باسی هۆکارەکانی سەرلێدان، ئامانجە ئەکادیمی و تاکەکەسییەکانت، و چۆن پرۆگرامەکە لەگەڵ پلانەکانی داهاتووتاندا دەگونجێت دەکەیت.
- **ڕێزومە:** سیڤی یان ڕێزومەی رنوێکراوە کە پێشینەی خوێندن و ئەزموونی کارکردن و لێهاتوویی و چالاکییە پەیوەندیدارەکانت بە کورتی دەستنیشان دەکات.
- **ەڵگەنامەی زیاتر بۆ پشتگیری سەرلێدان (ئیختیاری):** ئەمانە لەوانەیە نامەی پێشنیارکردن، بڕوانامەی وۆرک شۆپەکان یان بەرنامەکانی زمان، بڵاوکراوەکان، پۆرتفۆلیۆ، یان بەڵگەی دیکەی دەستکەوتە ئەکادیمییەکان یان پیشەییەکان لەخۆ بگرن.

## ٠٤: فۆرمی داواکاری

شانبەشانی بەڵگەنامە پێویستەکان، پێویستە داواکاران فۆرمی ئۆنلاین لەناو پلاتفۆرمەکەدا پڕبکەنەوە. ئەم فۆرمە زانیارییە سەرەکییەکانی وەک زانیاری کەسی و پەیوەندیکردن، مێژووی پەروەردە و زانیارییەکانی دیکە کۆدەکاتەوە. هەروەها پلاتفۆرمەکە فۆرمی ڕەزامەندی ئەلیکترۆنی لەخۆدەگرێت، کە دەبێت لە کۆتایی داواکاری ناونووسی دا بە شێوەیەکی دیجیتاڵی واژۆ بکرێت.

**گرنگ:** لە بەشی زانیاری کەسیدا، هەروەها داوات لێدەکرێت ناوی بەکارهێنەری گشتی (ناوی ساختە یان مستعار) هەڵبژێریت. ئەمە ئەو ناوەیە کە لە خولەکانتدا دەتناسێتەوە و بۆ ڕاهێنەران و خوێندکارانی دیکە لەناو سیستەمی ئەکادیمیادا دیار دەبێت. ناوی بەکارهێنەری گشتی لە دوو بەش پێکدێت - ناوی یەکەم و ناوی کۆتایی. ئەگەر هیچ نیگەرانییەکی ئەمنیت نییە، دەتوانی ناوی ڕاستەقینەی خۆت بەکاربهێنیت. ئەگەرنا، دەتوانی ناوێکی ساختە هەڵبژێریت بۆ پاراستنی نهێنی زیاتر.

## ٠٥: پرۆسەی قبووڵکردن

دوای ناردنی داواکاریەکەت، داواکاران ئیمەیڵێکی پشتڕاستکردنەوە وەردەگرن کە دانپێدانان بە وەرگرتنی دۆسیەکەیان دەکات. ئۆفیسی وەرگرتن لەگەڵ دەستەی ئەکادیمی بە وردی پێداچوونەوە بە هەر داواکارییەک و بەڵگەلانی سەرلێدەران دەکەن.

### پرۆسەکە بریتییە لە:

- پێداچوونەوە بە هەموو بەڵگەنامە و زانیارییە پێشکەشکراوەکان.
- ئەگەری بانگهێشتکردن بۆ چاوپێکەوتن، ئەگەر وردەکاری زیاتر پێویست بوو.
- بڕیارێکی فەرمی کە لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە دەگەیەنرێت، کە دیاری دەکات کە ئایا داواکار وەرگیراوە، بە مەرج وەرگیراوە، یان وەرنەگیراوە.

داواکارانی سەرکەوتوو ڕێنمایی سەبارەت بە هەنگاوەکانی داهاتوو بۆ کۆتاییهێنان بە تۆمارکردنیان وەردەگرن.

ئەکادیمیای ژینـــا
بۆ زانستە مرۆییەکان و توێژینەوەی کۆمەڵایەتی
www.jinaacademy.com